# وەلاَمێك بۆ نوسینێكی میدیا..
# بۆ قەڵەمە هاوشێوەكان

**خوناو مەلا تاهیر**

لەژمارە (275)ی رۆژنامەی میدیاو لەلاپەڕە سێ دا نەبەز گۆران بابەتێكی بەناونیشانی (سەفەری نهێنی هەشت وەزیر ئاشكرادەكەم)بڵاو كردۆتەوە، ئەوە جگە لەوەی لەلاپەڕە یەكدا وەك هەواڵ گرنگی پێدراوەو لەلاپەڕە سێشدا بەبەڵگەوە كەنازانرێت لەلایەن چ دەزگایەكی نهێنییەوە بۆیان هاتوەو بلاًویان كردۆتەوە .

سەرەتا دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆسالًی هەشتاكان ئەوكاتەی كە (غەفور مەخموری) خاوەن ئیمتیازی ئێستای رۆژنامەی مید یا ریپۆرتاژی بەسەر سوپای ئەنفالدا دەنوسی،ودواتر هەر لەم چەند مانگەی رابردوودا نەبەز گۆران بەڵگەكانی دیتەوەو لە یەكێك لەرۆژنامەكاندا بلاًوی كردنەوە ، ئێستا هەر ئەو نەبەز گۆرانە لەژێر چەترو سێبەری رۆژنامەكەی غەفور مەخموریدا رێگەی بەقەڵەمە بەناو ئازادەكەی خۆیداوە قسە بەوتێكۆشەرانە بڵێ كەلەهەشتاكاندا ، لەوكاتانەی كەسانێك بەسەر سەدام و سوپاكەیاندا هەڵدەگوت، بەعس یەك بەیەكی نینۆكی ئەو تێكۆشەرانەی دەردەهێنا.

ئەوكاتە هاوڕێ حەیدەر شێخ عەلی كەئەندامێكی كارای حیزبی شیوعی عێراق بوو دوای شەش ساڵ لەزیندانە فەردیەكانی بەعس ودواتریش بەندیخانەكانی ئێران گەڕایەوە چیاكان و وەكو پێشمەرگەیەك بەرگری لەنیشتمان دەكرد و،دوای پرۆسەی ئازادیش كرا بەوەزیرو رۆڵی ناوبراو هەم لەرابردووی وهەم لەئێستاشدا بەرچاوە، بەلاًم بەهۆی ئەم نەخۆشیەی كەلەم مانگەدا سەری هەڵداوجەڵدەیەكی لەناكاوی لێدا ،هەروەك غەفور مەخموری زۆرباش ئاگای لە رووداوەكە هەبووە، بە حوكمی ئەوەی كەدایكی ئەویش لەهەمان نەخۆشخانە چارەسەر دەكرا، ئەوە جگەلەوەی كە لەژمارە(272)ی رۆژنامەكەیان وەك هەواڵێكی كەم ئاست بلاًویان كردبۆوە،هەربەم هۆیەوە پزیشكەكان رەوانەی ئەردەنیان كرد و، لەوێ سەركەوتووانە قەستەڵەی بۆكرا، بەلاًم بەرێزیان نەك بە نهێنی بەڵكو بەئاگاداری هەموولایەك بۆ چارەسەر سەفەری كردووە و،دواتر ئەو نەچووە بۆ پیاسەو رابواردن وتێكدانی كۆمپانیاكانی ئەوێ! خەڵكی ئێرەش زۆرباش دەزانن كەلەسەردەمی ئەودا جگە لەیەكنەگرتنەوەی ئاسیاو كۆڕەك كەزۆر هەوڵی بۆدا بێ ئەنجام بوو، بەلاًم لەبواری گەیاندندا ئاسانكاری و دەستكەوتێكی ئێجگار زۆر بەرهەم هاتووە.

بۆیە لێرەدا دەكرێ بڵێین : كەئەم نووسینەی نەبەز گۆران جگەلەوەی سوكایەتییە بەهەشت وەزیری حكومەتی هەرێمی كوردستان ، لەهەمان كاتیشدا دەچێتە خانەی (تەشهیر) ناو زڕاندن و لەككەدار كردن كە هیچ جیاوازییەكی نییە لە گەڵ ئەو نووسینانەی لە هەشتاكان بە هەمان نەفەس بە پیاوە تێكۆشەرو نیشتمانپەروەرەكانمان دەگوترا، چونكە ئەوسا بەعس لە پشت ئەو نووسەرانەوەبوو ئێستاش هەمان دەستەو گرووپن كە خەڵكی ناكامڵ و بێئەزموون هاندەدەن راستییەكان بشێوێنن و فێرە ئەو نووسینانەیان بكەن كە بۆنی هەناسە بۆگەنیوەكانی بەعسی هەشتاكانی لێدێت. بۆیە لە سەر سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران پێویستە بە دواداچوون بكات لە سەر:

1- كێ و بە چ مەبەستێك ئەم بەڵگەنامە فەرمییانەی داوەتە نەبەز گۆران تا بە ئارەزووی خۆی سوكایەتی بە هەشت وەزیر بكا؟

2- تا كەی چەواشەكردنی راستییەكان، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە وەزیرو كاروبارەكانیانەوە، بە سەر حكومەتدا رەتدەبێ؟

3- ئایا ئازادی رۆژنامەگەری بریتییە لە گاڵتە و توانج گرتن لە خەڵكانی رابردوو پاك لە لایەن كۆنە قەڵەمەكانی بەعس و هاوشێوەكانیان، یان ئەخلاقی رۆنامەگەری لەم قۆناغە ناسكەی كوردستاندا ئەوە دەخوازێت كە راستییەكان وەدیار بخرێن و چارەسەریش بۆ ئەو هەڵەو كەموكورتیانە بدۆزرێتەوە كە لە دەزگاكاندا هەن؟